عەبدوڵڵا سەمەدی

## بۆ شاعیران

چۆن دەتوانی لە خۆشارکێی مانگ نەڕوانی، لە پشت تۆڕی ئاوریشمینی هەورەکانا؟! لەوبەر پەردەی لکەکانی شۆڕەبییا! لە سەر لووتکە و یاڵ و بستوو! یان پەڕەسێلکەی ناو هێلانەی بن گوێسوانا، ئارام نووستوو!

چۆن دەتوانی لە خوشینی ئاو نەڕوانی؟! لە مەلەی هەیڤی ناو گۆلا! سەمای کیژ و باڵەی ماسی!

چۆن لە هاژەی ئاو تێناگەی؟! جریوەی مەل! خشەی گەڵا! لە هاشەی با! بێدەنگی کێو! ڕاژانی گوڵ!

چۆن بە ڕازی شەو نازانی؟! ڕاخوشینی ئەستێرەیەك! خەوی زارۆك! خەمی پایز!

ئاخۆ مەگەر تۆ پاژێك نیت؟ یا ئەندامێك لە جەستەی خەستەی سروشتا؟!

چۆن دەتوانی لە گەڵ گریانی هەورەکان، تكتك ئەسرین دانەباری؟! چۆن دەتوانی لە بن دیوار، یا دارستان، تۆش نەلەیزی لەگەڵ هەیڤا؟! خۆ نەدیو کەی، بە کەلێنی گەڵاکانا لێی بڕوانی!

چۆن دەتوانی شێعر بڵێی، لە شێعری کانی تێنەگەی؟! یا چۆن هەستت شانە دەکەی، بە وشە و پیت دەیهۆنیەوە و تاکە جارێك کەزیەکانی شۆڕەبییەکی سەرکانیت شانە نەکرد، بە چلکەزی نەتهۆندەوە!